# سیاسەتی سوریا بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد
# لە کوردستانی عیراقدا
# ( ١٩٧٦-١٩٨٨ )
# توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**د. ئەحمەد حەمەدئەمین**

## پێشەکی

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە زۆربەی قۆناغەکانیدا جێگای تێرامانو گرنگیدانی ئەو وڵاتانە بووە کە بەشێك لە کوردستانیان پێوە لکاوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە ترسی سەرەکیان ئەوە بووە ڕەنگدانەوەیو کاریگەرییەکان تەشەنە بکاتو بڵاوبێتەوە. بۆیە هەندێك کات وەکو هاوکارو هەندێك جاریش وە پیلانگێر ڕۆڵیان بینیوە. لێرەشدا سوریا سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە کوردستانی عیراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٦– ١٩٨٨) لە سۆنگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عیراق لە لایەك، بەرژەوەندییە سیاسییەکانی لە ناوچەکە لە لایەکی دیکە ئاراستە کردووە. دەرخستنی سیاسەتی ئەو وڵاتە بەرانبەر قۆناغێکی هەستیار لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی عیراقو، شرۆڤەی وردەکارییەکان ئامانجی ئەم توژێنەوەیە.

ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە ئاستەنگی زۆری بۆ توێژەر نایەوە، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی سوریو دیکۆمێنتی دەزگا هەوڵگرییەکانی ئەم وڵاتە بەردەست نین تا ئاستی سیاسەتەکە بە تەواو ڕوو بکاتەوە، ئەوەی هەیە تەنیا زانیاری نێو سەرچاوە کوردییەکانن کە لە دووتوێ بڵاوکراوەکانی پارتەکانو یاداشتەکانی سەرکردەکان بە چاپ گەیەنراون، بۆیە گومانی تیادا نییە بەردەست کەوتنی سەرچاوەو نووسراوە فەرمییەکانی حکومەتی سوریا ناوەڕۆکی باسێکی وا دەوڵەمەندتر دەکات، بەڵام وێڕای ئەو ئاستەنگەش، توێژەر هەوڵیداوە لە دوو توێ توێژینەوەکەیدا کە دابەشی کردووە بۆ دوو تەوەر زانیارییەکانی هەن بیان خاتە بەردەستو شیکاری بابەتیانەیان بۆ بکات.

لە تەوەری یەکەم: باس لە پەیوەندییەکانی نێوان سوریاو پارتو رێکخراوە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی عیراق کراوە کە لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ هاتنە دامەزراندن.

لە تەوەری دووەم، باس لە سیاسەتی سوریا بەرانبەر پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی عیراق کراوە، کە چۆن بە پێی قۆناغەکان هەڵبەزو دابەزی بە خۆیەوە بینیوە.

لە کۆبەندیش ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە پێگەیشتووین.

بۆ ئەم توێژینەوەیە بڵاوکراوەکانی پارتەکانی کوردستانی عیراقو یاداشتی سەرکردەکان باشترین لەم سەرچاوانە بوون کە زانیارییەکانیان لێ وەرگیراوە، وەکو لە پەراوێزەکا وی ریز بەندی سەرچاوەکاندا دەبینرێن. ئەمەش وای کردووە توێژینەوەکە بێ نەبێت، بۆیە دەخوازین هاوکارمان بن لە دەست نیشان کردن کەمو کورتییەکان، بۆ ئەوەی خزمەت بە بواری توێژینەوەی داهاتوومان بکات. خوای گەورە پشتو پەنای هەموو لایەکمان بێت.

## تەوەری یەکەم: پەیوەندییەکانی سوریا لەگەڵ پارتو ڕێکخراوە سیاسییەکان لە کوردستانی عیراقدا

لەگەڵ ئەوەی نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ کاریگەری هەبوو لەسەر پەرتەوازە بوونی بەشێك لە بەشداربوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەروەها بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە هۆکاری ئەوەی دەنگی شۆڕش لە کوردستانی عیراق کپ بکاتەوە، بەڵام ئەوە نەبووە هۆکاری ئەوەی مەسەلەی بەردەوامی شۆڕش لە ناخی شۆڕشگێرانی کورد بە تەواوی نەهێڵێتو بیتوێنێتەوە.

بۆیە دەبینین لەگەڵ هاتنە پێشەوەی ئەو قۆناغەدا بەشێکی بچووك لە شۆڕشێگران ڕوو لە دەرەوە دەکەن، کە لە دواتر ئەمانە دەبنە هەوێنو بنەمای دروستکردنی ڕێکخستنی سیاسیو سەرهەڵدانەوەی شۆڕش[١]. لێرەشدا لەبەر ئەوەی دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە ئێران ئەوەندە ئاسان نەبوو، بە هۆی ئەوەی لەگەڵ عیراق لە ڕێکەوتندا بوو، بەشێك لە شۆڕشگێرەکان ڕوو لە سوریا دەکەن. لە سەرەتادا ئەوانەی ڕوویان کردە ئەو وڵاتە سەر بە هیچ پارتێکی سیاسی نەبوون، بەڵکو تەنیا ئامانجیان دەست پێکردنەوەی شۆڕش بوو[٢]، بەس. بەمەش دەتوانرێت بووترێ سەرباری ئەوەی سوریا لەگەڵ کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا سیاسەتێکی توندوتیژو نامرۆڤایەتیانەی پەیڕەو دەکرد، بەڵام لەبەر ناکۆکییەکانی لەگەڵ حکومەتی عیراق ئامادەی ئەوەی تیابوو ڕێگا بدات بە شۆڕشگێرە کوردەکانی عیراق[٣]، وڵاتەکەی بکەن بە مۆڵگەی حەوانەو سەرهەڵدانەوەی شۆڕش.

قۆناغی دەستپێکردنەوەی شۆڕش سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو لە خەباتی سیاسی کە ژمارەیەك پارتو ڕێکخراوی سیاسی تیایدا هاتنە دامەزراندن، ئەو پارتو ڕێکخراوانەش لەوە گەیشتبوون کە کاریگەریو هێزو توانای هەر لایەنێکی سیاسی بە تەنیا پێوانە ناکرێت، بۆیە هێزی ڕاستەقینەی هەر لایەنێکی سیاسی برتییە لە هێزی خۆیو هێزی دۆستەکانی پێکەوە. ئیتر لە چوارچێوەی ئەو مەسەلەیەو بۆ گەورەکردنو بە هێزکردنی تواناکانی خۆیان لە لایەکو، لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکییەکانی نێوان عیراقو سوریا لە لایەکی دی. هێزە کوردییەکان کەوتنە پەیوەندی بەستن لەگەڵ سوریا[٤].

یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی تازە لە ٢٢ی مایسی ١٩٧٥ کە لە ڕیستورانی (طلیطلة) لە (دیمشق)ی پایتەختی سوریا هاتە دامەزراندن[٥]، ئاساییە کە سوریا ئاگاداری هەنگاوەکانی دامەزراندنی بێتو هاوکاری

---

(١) کاظم حبیب، لمحات من النضال حرکة التحرر الوطني للشعب الکردي في کردستان العراق، دار ئاراس، اربیل، ٢٠٠٥، ص ٣٧٨.

(٢) فەرەیدوون عەبدولقادر، لە زەمینەو سەرەتاو دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەدوێ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٥٣-٦٢.

(٣) ناکۆکییەك سیاسییەکانی سوریا لەگەڵ عیراق بریتی بوو لە ململانێی ئایدۆلۆژیاکانی نێوان باڵی بەعسی هەردوو وڵات، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٥ هەردوو وڵات گیروگرفتیان هەبوو لەسەر ئاو فورات، سەرباری ئەوەی کە ناکۆکییەکی توندوتیژ لە نێوان (سەدام حوسێن) جێگری سەرۆك کۆماری عیراقو، (حافز ئەسەد) سەرۆکی ئەوکاتە سوریا هەبوو. جگە لەوەشە لەسەر مەسەلەی فەڵەستینو ڕێکەوتننامەی جەزائیر بیرو بۆچوونیان جیاواز بوو. محمودی مەلا عزەت، بازنەکانی ململانێیو ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٣٦؛ سامی شۆڕش، عێراقو دەوروبەری کورد لەو ناوەندەدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٣٢ بە دواوە.

(٤) کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، هاوپەیمانی نەك کلکایەتی، دۆستایەتی نەك نۆکەرایەتی، گۆڤاری کۆمەڵە، ژمارە(١٢)، خوولی سێیەم، ١٩٨٦، ل ٥.

(٥) بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی چۆنییەتی دامەزراندنی یەکێتیو دەستەی دامەزرێنەرو هەوڵە سەرەتاییەکان بڕوانە: سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندنو دەست پێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦ "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی/ سیاسییە"، چاپی یەکەم، چاپخانەی نما، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٧٤ بە دواوە.

پێشکەش کردبێت، چونکە دەنگو باسو بەیاننامەی دامەزراندنەکەی لە ٢٥ی هەمان مانگدا لە ڕادیۆو ڕۆژنامەکانی سوریا بڵاوکرایەوە[(١)]. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەش یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سوریا کردبووە بنکەی سەرکردایەتیو شوێنی خۆ ڕێکخستنو مەشق پێکردنی کادیرەکانیو بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی[(٢)]. ئەوەسەڕەرای ئەوەی هاوکاری مادیشی لە لایەن سوریاوە پێشکەش کراوە[(٣)].

شیاوی باسە، لە بارەی پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو سوریا، (جەلال تاڵەبانی) دەڵێ: "**هەرگیز چاکەی سوریامان لە بیر ناچێتەوە، بە ڕاستی ئەو سەردەمە سوریا نەبوایە نەمان دەتوانی ئەو کارە وەکو پێویست ئەنجام بدەین، سوریا نەك هەر دەرگای بۆ کردینەوە، دەرگای سیاسی، دەرگای ڕێکخستن، دەرگای پروپاگەندە، بەڵکو دەرگای ڕاهێنانی پێشمەرگەشی بۆ کردینەوە، دەرگای چەك پەیداکردنی بۆ کردینەوە کە چەکمان پێبداتو کەرەسەی شۆڕشمان بۆ بێنێتە دی، بۆیە بە ڕاستی (ی.ن.ك) زۆر قەرزای سوریایە**"[(٤)]. ئەوە لە لایەك، لە لایەك دیکەوە هەر لەم بارەیەوە (نەوشیروان مستەفا) لە یاداشتانەکانی ئاماژەی بۆ دەکاتو دەڵێ: " ... **ئەگەر دامەزراندنی یەکیتیو، هەڵگیرسانەوەی شۆڕش...، بە سەروەرییەکی گەورە لە مێژوی کوردا حساب بکری، ئەبی لەم سەروەرییەدا کورد بەریز لی نانەوە چاکەی سوریا، بە تایبەتی هی سەروك حافظ ئەسەدی، لەبەر چاو بی**"[(٥)].
**بی**"[(٥)].

شیاوی باسە، پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ سوریا گەیشتبووە ئاستێك کە بەشێك لە وتارو دروشمەکانی لە ژێر کاریگەری حکومەتی سوریادا بوو، وەکو ئەوەی لە دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی داهاتووە:" **یەکێتی بە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەتوانێ عیراق بخاتە سەر ڕێگای تێکۆشانی ڕەوای عەرەب دژ بە ئیمپریالیزمو کۆنە پەرستی، توانا زۆرو زەبەندەکانی عیراقیش سازو ئامادە بکات بیا نخاتە ئەو شەڕ چارەنووسەی کە نەتەوەی عەرەب دژی زایۆنیزو ئیمپریالیزم دەکات**"[(٦)]، هەڵگرتنی ئەو دروشمە توندڕەوە عەرەبییە نیشانەی کاریگەری( التجمع الوطني العراقي– توع) [(٧)] بوو بە سەر یەکێتییەوە کە تا ماوەیەکی زۆر لە دواتر ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەدەبیاتەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەر مایەوە.

---

(١) د. فوئاد مەعسوم: یەکیتی نیشتمانی کوردستان... سەرەتاکان، لە چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ٣٣.

(٢) مەعد فەیاز، بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال، وەرگێرانی: سۆران عەلی، چاپی یەکەم، کەرکوك، ٢٠٠٩، ل ٢٢٠؛ ئەرسەلان بایز ئیسماعیل، ڕۆژانی سەخت(بیرەوەی)، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٤٣.

(٣) بری ئەو پارەیە کە یەکێتی لە سوریا لە سەرەتا وەری گرت بریتی بوو لە (١٥) هەزار دینار، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ زیادی کرد بوو بە (٣٥) هەزار دینار. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نەوزاد عەلی ئەمین، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا بە شێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخمووس، چاپی یەکەم، سوید، ٢٠١٠، ل٢١٦.

(٤) دیمانەیەك لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، ئامادەکردنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە(١٢٩٨)، لە ١٩٩٦/٦/٣، سلێمانی.

(٥) نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوەزەنگ دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٥– ١٩٧٨، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٧٧.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: البیان الاول للاتحاد الوطني الكردستاني في ١/٦/ ١٩٧٥. پاشکۆی ژمارە (١).

(٧) (التجمع الوطني العراقي– توع) ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن چەند لایەنێکی سیاسییەوە لە سوریا، وەکو ڕێکخراوێکی بەرەیی دامەزرابوو لە لایەن هەر یەك لە (حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست– سەرکردایەتی هەرێمی عیراق و بزووتنەوەی عەرەبیی سۆسیالیست و پارتی کۆمۆنیستی عیراق / القیادة المرکزیة و حزبی ئیشتراکی و کۆنگرەی نەتەوەییە سۆسیالیستەکان و سوپای میللی بۆ ڕزگارکردنی عیراق). یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوایی دامەزراندنی دەبوو هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر (توع)دا ڕوون بکاتەوە. ئەوەبوو بە زۆرینەی دەنگی دەستەی دامەزرێنەر، لە دوو بەیاننامەی جیای (توع) و (ی.ن.ك) لە ١١ی شوباتی ١٩٧٦دا، چوونی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ نێو (توع)،

پارتی دیموکراتی کوردستان( سەرکردایەتی کاتی)[1]، وەکو پارتێکی سەرەکی سەر گۆڕەپانی خەباتی نیشتمانیو ڕزگاریخوازیی کورد لە کوردستانی عیراق، دوای ئەوەی لەسەر پاشماوە ڕێکخستنەکانی شۆڕشی ئەیلول هاتەوە مەیدانی خەبات. ئەگەرچی مارانگازی سیاسەتی وڵاتە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان بوو، بەڵام دەرکی بەوە کردبوو کە پێویست بە هاوکاریو هەماهەنگی دەوڵەتێکی ناوچەکە دەکات بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە هەم سوود وەربگرێت، هەمیش لەوێوە پەیوەندی بە ئەندامانییەوە بکاتەوە کە دوور کەوتبوونەوەی لە نیشتمان. ئیتر هەر لەم چوارچێوەیەوە وەفدێك لە کادیرانی پارتی ڕادەسپێردێن سەردانی سوریاو لوبنان بکەن، هەم بۆ ئەوەی کار بۆ سەر لە نوێ بەرپابوونەوەی شۆڕش بکەن، هەمیش لە بیروت چاویان بە (جەلال تاڵەبانی) بکەوێتو لەم بارەیەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن[2]. لێرەدا دەتوانرێت بووترێ پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی)، وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەبەستی بوو سوود لە پێگەی سوریا وەربگرێت، بەڵام وەکو دەبینین سوریا هاوکاریو هەماهەنگییەکانی بە هەمان شێوە یەکێتی نەبوو.

لە ڕاستیدا، بەر لە نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥ پەیوەندی سەرانی (توع) لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانو بارزانیدا ئاسایی بوو، بەڵام پارتی خۆی بەدوور گرت لە بوونە ئەندام لەم بەرەیەدا، لەبەر ئەوەی بەرنامەی ئەو بەرەیە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی پارتیو بارزانی نەدەگونجا[3]. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە دوای نسکۆ، (توع) داوای لە پارتی دەکات ببێتە ئەندام لە ناو ڕیزەکانیدا، بەڵام ڕێکخستنەکانی پارتی لە سوریا بە هۆی ئاگادارنەبوونی (مەسعود بارزانی) نەیانتوانی بوو وەڵامێکی ڕوون ئاشکرا بدەنەوە[4].

لە کاتێکیشدا (مەسعود بارزانی) سەردانی سوریا دەکات، بە بێ ئەوەی پارتی داوای کردبێت کە ببێ بە ئەندام لە (توع)دا، (توع) بە (مەسعود بارزانی) ڕاگەیاندووە ئەگەر پارتی بەیانێك دەربکاتو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو ئیسرائیل ڕیسوا بکات، ئەوان ئامادەن پارتی لە ناو ڕیزەکانی خۆیاندا وەربگرن، بەڵام لە لایەن (مەسعود بارزانی)یەوە بە توندی چوونە ناو (توع)و هەر مەرجێکی تر ڕەت کراوەتەوە[5]. بەمەش دەبین لە سەرەتاوە ئەو هۆکاری دەبێتە فاکتەرێك بۆ سادر بوونی پەیوەندییەکان[6]، بەڵام لە دواتر نابێتە ئاستەنگ لە بەردەم ڕاگرتنی هاوکارییەکانی سوریا لەگەڵ پارتی

---

ڕاگەیەنرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: بيان الاتحاد الوطني الكردستاني بمناسبة انضمامه الى التجمع الوطني العراقي، ١٩٧٦/٢/١١" بيان حول انضمام الاتحاد الوطني الكردستاني لتجمع الوطني، ١٩٧٦/٢/١١.

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی کاتی: لە هەفتەی یەکەمی نیسانی ١٩٧٥، (مەسعود بارزانی)و (ئیدریس بارزانی) پەیوەندییان کرد بە کۆمەڵێك کادری سەرکردەی پارتی، بە تایبەت ئەوانە پەنابەر بوون لە ئێران، دواتریش لە کۆتایی نیسانو سەرەتاکانی مایس: مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، ئازاد محەمەد نەجیبب بەرواری، محەمەد مەحموود شەنگاری( سامی عەبدولڕەحمان)، فازڵ میرانی، عارف تەیفور، عەبدولکەریم سوڵتان عەبدوڵڵا(کەریم شەنگاری)، محەمەد ڕەزا، تەحسین عەبدوڵڵا ئەتروشی، عەبدوڵڵا سەدیق مایی، فرەنسۆر هەریری، کەمال کەرکووکی، شێخ عەزیز سەرگەلو، یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی، شێرکۆ شێخ عەلیو ساڵح ئەحمەد فەتاح کۆبوونەوە. ئەوەش بووە بەر بناغەی دامەزراندنی سەرکردایەتی کارتی پارتی دیموکراتی کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حبيب محمد كريم، تأريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق في محطات رئيسية ١٩٤٦- ١٩٩٣، دهۆك، ١٩٩٨، ص ١٤٧.

(٢) عادل موراد، چونیەتی دامەزراندنی یەکێتی دەگێڕێتەوە، لە چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ل ٨٤.

(٣) نەوشیڕوان، لە کەناری دانوبەوە...، ٦٥.

(٤) د. عەلی تەتەر نێروەی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق لە سالەکانی جەنگی عیراقو ئێران دا (١٩٨٠- ١٩٨٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٧.

(٥) د. عەلی تەتەر نێروەی، هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

(٦) نەوزاد عەلی ئەحمەد، پشکۆیەك لە خۆڵەمێشدا ...، ل ١٣١.

دیموكراتی كوردستان، چونكه (مەسعود بارزانی) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە بۆ دووەمین جار لە ساڵی ١٩٨١ چۆتەوە سوریا و چاوی بە سەرۆك( حافز ئەسەد) كەوتووەو داوای هاوكاری لێكردووە[١].

لێرەدا دەكرێت ئەو ڕاستییە بووترێ كە پەیوەندییەكانی پارتی لە ئاستی پەیوەندییەكانی یەكێتیدا نەبوو، چونكە وەكو یەكێتی ڕازی نەبوو، شۆڕشێك كورد بەرپای بكات لە سەر خاكی كوردستان، ببێتە شۆڕشێكی عیراقی، شۆڕشێك سەركردەكانی كورد ئەنجامی بدەنو هەروا بە ئاسانی ژمارەیەك لە كەسانی عەرەبی شۆڤێنی ببنە سەركردەی كە جیاوازییەكی ئەوتۆیان نەبێت لەگەڵ بەرپرسانی ئەوكاتە بەغدا، بەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی كەسانێك لە ڕێی ڕشتنی خوێنی كوردەوە تەختی دەسەڵات بە دەست بێننو دواتریش ببن بە چەوسێنەری كورد و دژ بە مافەكانی[٢].

یەكێكی دیكە، لەو ڕێكخراوە سیاسییە كە دوای نسكۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە كوردستانی عیراق هاتبووە دامەزراندن ئەویش بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان[٣] بوو، كە دواتر ناوەكەی گۆڕا بۆ حیزبی سۆسیالیستی كوردستان، ئەویش بە هەمان شێوەی پارتەكانی تر دەكەوێتە پەیوەندی بە وڵاتانی ناوچەكە لە وانەش سوریا. لەم بارەیەوە یەكێك لە ئەندامانی سەركردایەتی ئەو پارتە دەڵێ:" **پەیوەندییەكا نمان بەردەوام لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەدابوون، زیاتریش پەیوەندی شەخسیو زارەكی بوون، پەیوەندییەكان لە ڕێگای عادل مورادو عەدنان موفتییەوە بوون، كە زۆر سەركەوتوو نەبوون، چونكە تەمەڵ بوونو زۆر خۆشیان نەدەدایە كارەكان، هەروەها د. محمود عوسمانو عەبدولخالق زەنگەنە بە هۆی ئەوەی ئەوانیش ماڵەكانیان لە دیمشق بوو، ناوە ناوە لە كۆڕو كۆبوونەوەكاندا بەشداریان دەكردو پەیوەندییەكانی حزبیان پێكهێنابوو، بەڵام بە هۆی ناكۆكی نێوانیانو جدی نەبوونیان لە كارەكاندا، نەك هەر سوودێكیان بۆ حزب نەبوو، بەڵكو زیانی زۆرشیان لێدا**"[٤].
ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە (عەدنان موفتی) باس لەوە دەكات لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩ بۆ دروستكردنی پەیوەندی سیاسی سەردانی سوریا و لوبنان دەكات، بەڵام لە سوریادا بۆ ماوەی دە ڕۆژ زیندانی دەكرێت ئینجا ئازاد كراوەو، دەستی كردووە بە نزیك بوونەوەو پەیوەندییە سیاسییەكان[٥]. بەمەش دەتوانرێت بووترێ پەیوەندییە سیاسییەكانی حیزبی سۆسیالیستی كورستان پەیوەندی فەرمی نەبوون، بۆیە ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ پەیوەندییەكانی یەكێتی بە پلەی یەكەم، پارتی بە پلەی دووەم، ئەوە پەیوەندییەكان بەم شێوە جێگای باسو گرنگ نین، كە شیاوی باس كردن بێت.

---

(١) مەسعود بارزانی، بارزانیو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد" شۆڕشی ئەیلول١٩٦١– ١٩٧٥"، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، چاپی یەكم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٠٠.

(٢) جەمال فتح الله طیب، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد لە باشووری كوردستان(١٩٧٥/٣/٢١– ١٩٨٠/١١/٢٨) لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی سیاسی یە، تێزی دكتۆرا بڵاونەكراوە، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆیی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٠٢.

(٣) بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان، لە دوای نسكۆی شۆڕش پۆلێك لە شۆڕشگێران كەوتنە بیری ئەوەی درێژە بە خەبات بدەن، ئەنجامی ئەو بیرۆكەیەو دوای تاوتوێ كردنی هەڵومەرجی ئەو كاتەو گەڕانەوەیان بۆ عیراق، لە سەرەتاكانی كانوونی دووەمی ١٩٧٦ لەسەر دەستی هەر یەك لە ساڵح یوسفی، عەلی عەسكەری، خالید سەعید، تاهیر عەلی والی، سەعدی گچكە، عومەر دەبابە، ڕەسوڵ مەمەند، عەلی هەژار، كاردۆ گەلاڵی، مەلا ناسیح هاتە دامەزراندن. دواتر دەستی بە خەبات كرد لە چوارچێوەی كاری نیمچە بەرەیی لەگەڵ باڵی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانو خەتی گشتی لە ناو یەكێتی نیشتمانی كوردستان، لێرەشدا بەردەوام بوون تا ئەوەی لە ٢١ی مارتی ١٩٧٩ بڕیاری جیابوونەوەیداو دواتر لەگەڵ لێژنەی ئامادەكاری پارتی دیموكراتی كوردستان، حیزبی سۆسیالیستی كوردستانیان پێكهێنا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، بزووتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان ١٩٧٦–١٩٧٩ توێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری الاستاذ، ژمارە (١١٥)، زانكۆی بەغدا كۆلێژی پەروەردی ئیبن ڕوشد، ٢٠١٠، ل٢٥.

(٤) سەلام عەبدولكەریم عەبدوڵڵا، ژیانی سیاسیی لە باشووری كوردستان ١٩٧٥– ١٩٩١ "سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستیو دروستبونی حزبی سۆسالیستی كوردستان وەك نمونە" چاپی یەكەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل ١٦١.

(٥) سەلام عەبدولكەریم عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.

پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان کە دوای جیابوونەوەی بەشێك لەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی نۆیەم، لە ساڵی ١٩٨١ لە سەردەستی (سامی عەبدولڕەحمان)و هاوڕێکانی هاتە دامەزراندن، بەشێك لە ئەندامانی لەبەر بوونی ناکۆکییەکان لەگەڵ پارتی لە ناوچەی بادینان، ناچار بوون ماوەیەك سوریا بکەن بە مۆڵگەی حەوانەی خۆیان[1]. لێرەشدا ئەگەرچی لە نێو سەرچاوەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە نییە کە سوریا هاوکاری پارتی گەلی کردبێت، بەڵام نا بێت سوریا ئاگاداری بوونی هەودارانی نەبووبێت لەسەر خاکی ئەودان.

جێگای وەبیر هێنانەوەیە ئەگەرچی ناکۆکییەکانی نێوان سوریا و عیراق، کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی سوریا پەیوەندی لەگەڵ هەندێ لە پارت و ڕێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی عیراق ببەستێت و تا ڕادەیەك هاوکارییان پێشکەش بکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە سوریا دڵسۆزی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی بووە لە کوردستانی عیراق، ئەگەر بزانین بەپێی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان سیاسەتی بەرانبەر بە مەسەلەکان لە کوردستانی عیراق هەڵبەزو دابەزی کردووە و هاوکاری و پەیوەندییەکان ساردی تێکەوتووە.کە لە تەوەری داهاتوو دەیبینین.

---

(١) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦-٢٠٠١، الطبعة الاولى، بيروت- لبنان، ٢٠٠١، ص ٢٨٤.

## تەوەری دووەم: سیاسەتی حکومەتی سوریا لە بەرانبەر پێشهاتەکان لە کوردستانی عیراق

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە کوردستانی عیراقدا، ئاستی پەیوەندییەکانی سوریا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئاراستەیەکی جیاوازتر بەدی دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئێران و تورکیا، چونکە وەکو ئاماژەی بۆ کرا ناکۆکی و ململانێی توند کەوتبووە نێوان سوریا و عیراق. لێرەشدا لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێویستی بە جۆرێك لە هاوکاری و هەماهەنگی هەبوو، پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەکەونە پەیوەندی گرتنەوە، ئەمەش دەرفەت دەداتە ئەو وڵاتە دەست بخاتە ناو کاروباری بزووتنەوەکە و ئاراستەی ڕووداوەکان و پێشهاتەکان بە ئامانجەکانی خۆیەوە ببەستێتەوە.

لەم چوارچێوەیەشدا، هەر لەسەرەتاوە سوریا هاوکاری و هەماهەنگییەکانی بۆ بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لەسەر خاکی ئەو هاتبووە دامەزراندن، مەرجدار بووە، بە تایبەت کە دەبینین کاتێك یەکێتی هەڵدەستێ بە لەچاپدانی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی بە ناوی ( ڕێبازی نوێ)، هەر زوو سوریا ڕێگا لە دەرچوونی دەگرێت لەبەر ئەوەی دەستووری سوریا نووسین بە زمانی کوردی لە وڵاتەکەی قەدەغە کرد بوو. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لە وەدا بەدیار دەکەوێت کاتێك کۆمەڵێك دورشم بەسەر یەکێتی نیشتمانی سەپێنراوە وەکو، لە نێوبردنی یەکجارەکی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم، دیکتاتۆری، کۆنەپەرستی، زایۆنیزم، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری، کە سەرجەمیان دروشمی سوریا بوون بە ناوی (جبهة الصمود والتصدي) بەرزیانی کردبۆوە. لێرەشدا ئەگەر لێیان وردبینەوە ئەو دروشمانە هیچیان پەیوەندیان بە کوردەوە نەبووە، هەروەها لە توانای هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتمانیش نەبووە کاری لەم شێوە ئەنجام بدات[١]. کەواتە هاوکارییەکان هەر ئەوەندە بوون تا لە بەرژەوەندی سیاسەتی سوریادا بوون، هەرکاتێك هەست بکرایە مەترسی دەکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکان یەك ڕاست هەڵوێستەکان دەگۆڕان، وەك لە دواتر دەیبینین.

لە لایەکی دیکەدا، دوای ئەوەی یەکێتی لە سوریا جێگیر بوو کردەیە مەڵبەندی سەرکردایەتی، دەبوو هەڵوێستی خۆیی لە بەرانبەر (توع) ڕوون بکاتەوە، لەم سەرو بەندەش سوریا بۆ یەکێتی زۆر پێویست بوو، لەبەر ئەوەی وەك دەوڵەتێك پشتگیری لە بزووتنەوەی کورد دەکرد لەو کاتە، هەروەها بنکەی سەرکردایەتی یەکێتی لە وێدا بوو، وەکو شوێنێکی شیاو بۆ ئەوکاتە بەکاریان دەهێنا[٢]. بەڵام ئەم مانەوەیە بەند بووە بەوەیی یەکێتی ببێتە ئەندام لە (توع)دا[٣]، لێرەشدا لە بەرانبەر قبوڵکردنی ئەندامییەتی (توع)، یەکێتی کەوتە ژێر باری چەند پابەندییەتێکی سیاسییەوە لە وانە:

یەکەم: شۆڕشی کورد بەشێك بێت لە شۆڕشی عیراق و دروشمەکانیشی بە هەمان شێوە بێت، بەمەش یەکێتی دەبوو لە ژێر ئاڵای (توع) خەباتی بکات.

دووەم: دەبوایە یەکێتی ڕووخانی ڕژێم بکاتە ئامانجی و دروشمی سەرەکی خۆیی و، لەو پێناوەدا تێ بکۆشێت تا ڕووخانی تەواوەتی، بۆیە نەدەبوو هیچ جۆرە سازین و چارەسەرێکی مام ناوەندی قبوڵ بکات.

لێرەشدا توێژەرێك پێ وایە کە نەدەبوو یەکێتی بەم مەرجانەوەی ئەندامییەتی لە (توع) قبوڵ بکردایە، کە بە هۆیەوە کەوتبووە ژێر باری کۆمەڵێك ئیلتزاماتەوە[٤]. هەروەها (نەوشێروان مستەفا) وەکو یەکێك لە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی

---

(١) جەمال فتح الله طیب، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ...، ل ٢٧ و٣٠.

(٢) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و...، ل١٧٧.

(٣) نەوشێروان، لە کەناری دانوبەوە...، ٦٥.

(٤) سەروەر عەبدولرەحمان عومەر، یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان دامەزراندن و...، ل١٧٨.

که دەنگی بۆ چوونە ناو (توع) نەداوە بیروڕایی وابووە کە: "... **یەکێتی نەچێتە ژێر باری هیچ ئیلتزاماتێکی سیاسیەوەو، خوی نەبەستیتەوە بە هیچ ریکخراویکی ترەوە، بو ئەوەی ئازادی جولانی هەبی...**" [1].

شیاوی باسە، لە بەرانبەر قبوڵکردنی یەکێتی بە بەرنامەو دروشمەکانی (توع)، (توع)یش دەستکاری بەرنامەی خۆیی کردو مافەکانی کوردی بە ڕوونتر خزاندە ناو بەرنامەکەیەوە، هەروەها بەڵێنیدا کە بە توانا مادیو مەعنەوییەکانی هاوکاری پێشکەش بە شۆڕشی کوردی بکاتو، هەوڵی ئەوەبدات شۆڕش بکاتە شۆڕشێکی عیراقیو لە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاست دەست بە خەباتی چەکداری بکەن، بەڵام نە بەکردەوە شۆڕشەکە بوو بە شۆڕشێکی عیراقی، نە هێزە عیراقییە بەهەڵستکارەکانیش توانیان شۆڕش بۆ ناوچەکانی باشووری عیراق بگوازنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە بەشێك لە ڕێکخراوەکان ئامادەیی ئەوەیان تیادا نەبوو بگەڕێنەوە کوردستانیش، چونکە هەموویان لە دەرەوە وڵات ژیانیان دەگوزەراند، بۆیە هەوڵەکانیان تەنیا بواری ڕاگەیاندنی گرتەوەو بەس، ئەمەش کاریگەری ئەو تۆی نەبوو[2].

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، لە کاتێکدا (توع) خەریك بوو بزووتنەوەی کورد لە ژێر سەرکردایەتی یەکێتی بکاتە پارچەیەك لە خەباتی گەلی عیراق، پارتی پێچەوانەی ئەم دروشمە کاری دەکرد، بەوە دروشمێکی نەتەوەیی هەڵگرتبوو، ئیتر هەڵگرتنی هەردوو دروشم لە لایەن هەردوو پارتی سەر گۆڕەپانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بارگرانیو دروستکردنی دوژمنداری زۆرتری دراوسێکانی بە دواوە بوو، لەبەر ئەوەی یەکێتی هەوڵی دەدا بە هاوکاری سوریاو (توع) لە سەر مەیدانی سیاسی کوردستان تەنیا هەر خۆی بێتو، پارتیش لە هەوڵی ئەوەدا بوو زیاتر لە یەکێتی هەوڵەکانی دەربخات[3]. کە ئەنجام ئەو بارودۆخە ناکۆکیو ململانێی توندی لێکەوتەوەو، دواتر بارودۆخەکەی بەرەو شەڕی ناوخۆیی برد.

لەگەڵ زیاد بوونی گرژیو ئالۆزییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی، هەوڵێك هەبوو بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی نێوانیان، بە تایبەت لە لایەن ئەو ڕێکخراوو کەسایەتییانەی کە دوژمنی سەرسەختی ڕژێمی عیراقی بوون، بە تایبەت (توع)و سەرکردایەتی هەرێمایەتی عیراقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی لە سوریا بە سەرۆکایەتی (باقر یاسین)، لە لایەكو، دەسەڵاتدارانی سوریا لە لایەکی دی. لێرەشدا کاتێك هەڵسوڕێنەری کارەکانی بالیۆزخانەی سوریا لە لەندەن بە فەرمی داوەتی (مەسعود بارزانی) دەکات بۆ ئەوەی سەردانی سوریا بکات، ئیتر بۆ ئەو مەبەستە لە ١٩ کانوونی یەکەمی ١٩٧٦ (مەسعود بارزانی) لە ئەمەریکاوە گەیشتە دیمشقو، دوای چەندین کۆبوونەوەی لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی)و (باقر یاسین)، لە دیمشق لە ١ی مارسی ١٩٧٧ (ڕێکەوتنی مەیدانی) نێوان پارتیو یەکێتی واژۆ دەکرێت[4]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێت ئەو هەوڵەی دەسەڵاتدارانی سوریا مانای پەرۆشی بۆ یەك ڕێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە بزووتنەوەکە لە دژی عیراق بەردەوامی هەبێت.

لە کاتێکدا ئامانجی سەرەکی ڕژێمی عیراقی بە تەواوەتی لە ناوبردنی نەتەوەی کوردو شۆڕشەکەی بوو، بەڵام هەندێك جار لە ئەنجامی گوشار ناچار بە گۆڕێنی هەڵویستی دەبوو. لێرەشدا گفتوگۆ وەك هونەرێکی بەرزی دبلۆماسیو بەڕێوەبردنی ململانێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان دوولایەنی ناتەبا، هەر لە زووەکەوە لە لایەن ڕژێمی

---

(١) نەوشێروان، لە کەناری دانوبەوە...، ٦٥.

(٢) باقر حسين، قول ما لايقال عن معارضة العراقية، وقائع واسرار، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠٠١، ص ٧١.

(٣) عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل ٧٢.

(٤) نەوشیروان، لە کەناری دانوبەوە ...، ١٣١-١٣٢؛ سامی شورش، کردستان و الاكراد الحركة القومية و الزعامة السياسية ادريس بارزاني نموذجا، دار ئاراس، اربيل، ص١٤٤. بۆ زیاتر زانیاری لەمەڕ ناوەڕکی ڕێکەوتنەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤).

بەعسەوە هەوڵی بۆ درا. لەم بارەشەوە ڕژێم لە ڕێگای(شێخ محەمەد شێخ ڕەشیدی لۆلان) گەورەی عەشیرەتی بڕادوست هەوڵی دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ یەکێتی دەدات، لە بەرانبەریشدا یەکێتی لەبەر ئەوەی وەکو هێزێکی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەوکات وا تاوانبار کرابوو کە شەڕ بۆ سوریا دەکات، بەمەبەستی لابردنی ئەو تاوانە بەم دەست پێشخەرییە ڕازی دەبێت و، دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بڕیاری دەست پێکردنی دانوستان دەدرێت و، بۆ ئەو مەبەستەش (عەلی عەسکەری) لە تشرینی دووەمی ١٩٧٧ دەچێتە بەغداو چاوی بە هەر یەکە لە: (سەعدون شاکر) سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، (عەدنان خەیروڵلا) وەزیری بەرگری و، چەند کار بەدەستێکی دیکەی بەعس دەکەویت و داواکارییەکانی یەکێتی دەخاتە بەر دەستیان، بەڵام دواجار بە دیتنی (سەدام حوسێن) جێگری سەرۆکی کۆمار دانوستانەکان سەرکەوتوو نابین و، شاندەکە دوای سێ ڕۆژ دەگەرێتەوە لۆلان[١].

لە بەرانبەر هاتنە پێشەوە ئەو پێشهاتە لایەنەکانی (توع) بە گشتی و کاربەدەستانی سوریا و لیبیا بە تایبەتی لەم گفتوگۆیەدا زۆر دڵگران بوون و بە توندی هێرشیان کرد سەر یەکێتی و تاوانباریان کرد بە پەیمان شکێنی، چونکە دەبوو یەکێتی و درێژەی بە خەبات بدابا و هەرگیز گفتوگۆی نەکردبا تا ڕووخانی ڕژێمی عیراق، لێرەشدا لە ڕوانگەی یەکێتییەوە ڕەتکردنی ئەم گفتوگۆیە بیانووی دەدایە دەستی کەسان و لایەنێك کە یەکێتی بەوە تاوانبار بکەن کە شەڕ بۆ سوریا دەکات، بەڵام یەکێتی بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لە داهاتوو لەگەڵ سوریا و لیبیا تووشی گرفت نەبێت چەند داخوازییەکی نەتەوەیی عەرەبییان لە داخوازییەکانیاندا باس کردبوو[٢]. بەمەش ئەگەرچی خەریك بوو پەیوەندییەکان ئالۆزبن، بەڵام بە هۆی سەرنەکەوتنی دانوستانەکە هەر زوو پەیوەندییەکان ئاسایی بوونەوە.

شیاوی باسە، ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی سوریا هەڵوێستیان لە بەرانبەر دانوستانی یەکێتی لەگەڵ بەغدا پێ قبوڵ نەبوو، کەچی دەبینین لەساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی چەند مانگێك ژێر بەژێر نوێنەرانی عیراق و سوریا بۆ یەکخستنی پارت و سوپا و دەوڵەت، گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر ئەنجام دەدەن و، نوێنەرانی هەردوولا لە دیمشق و بەغدا دادەنیشن، تەنانەت (ئەحمەد حەسەن بەکر)،( سەدام حوسێن)، (حافز ئەسەد) و (عەبدولحەلیم خەدام)یش بەشداری بەشێك لەو دانیشتانە دەکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئۆپۆزسیۆنی عیراق لە سوریان و، هی سوریاش لە عیراقن، هەموو ئەو هەوڵانەش کە داویانە لە پشتی ئەوانەوە بووە[٣]. لێرەشدا دەتوانرێت بووترێ هەر دوو ڕژێم بۆ ڕاهیکردنی مەرامەکانیان هەموو شتێکیان پێ ڕەوا بووە، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش بەرژەوەندی بەرانبەرکەیان قبوڵ نەبووە و بە توندی ڕەتیان کردۆتەوە.

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەو ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق و، یەکێتی نێوان جوولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و هێزە بەرهەڵستکارە عەرەبییەکان، پڕۆژەی پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانییان خستەڕوو کە لە ئەنجامدا دوای گفتوگۆ و یارمەتیدانی کاربەدەستانی سووریا، لیبیا و فەڵەستین، لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی(جوقد)یان واژۆکرد[٤]. لە ڕاستیدا ئەگەرچی دامەزراندنی ئەو بەرەیە بۆ ئەو سەردەمە

---

(١) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق...، ص ٣٦٦.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە...، ل ل ١٨٠-١٨٣.

(٣) علي سنجاري، القظية الكوردية و حزب البعث العربي الاشتراكي في العراق، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٩، ص٢١٥-٢١٧؛ نەوشێروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عیراق ١٩٧٩- ١٩٨٣، چاپی سێیەم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٢٤.

(٤) بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نەتەوەیی عیراق (جوقد)، دوای هەوڵدانێکی زۆری نێوان لایەنە کوردییەکان و لایەنە عەرەبییەکان لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠ لە دیمەشق دامەزرا. لایەنەکانی بریتی بوون لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی (سەرکردایەتی هەرێمی عیراق)، بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی(الحركة الاشتراكية العربية)، (منظمة الجيش الشعبي لتحرير العراق) حزبە

گرنگ بوو، بەڵام گەورەترین کێشەی ئەوە بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو یەکێك لە پارتە گەورەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی عیراق تیایدا بەشدار نەبوو، بەمەش (جوقد) بەبێ پارتی نەیدەتوانی سود لە سوریا وەربگرێت لەبەر ئەوەی سنوورەکان بەدەستی ئەوەوە بوو، جگە لەوەش ئێران ئامادە نەبوو هاوکارییەکانی کە لە سوریایەوە دەگەیشت بدات بە دەستی هێزەکانی (جوقد) [1].

ساڵی ١٩٨١ هاوکارو هەماهەنگییەکانی سوریا و لیبیا بۆ ئۆپۆزسیۆنی عیراق زیادی کرد، ئەنجام هەر لە مانگی مایسدا ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی لە لایەن سوریاوە بۆ یەکێتی نێدرا[2]، بەمەش ئەو هاوکارییەی بۆ یەکێتی دەهات زۆر زیاتر بوو لە وەی بۆ پارتی دەهات، چونکە پەیوەندییەکانی یەکێتی لەگەڵ سوریا پتەوتر بوو، ئەگەرچی لەو ساڵەدا (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردانێکیدا بۆ سوریا چاوی بە سەرۆك (حافز ئەسەد) دەکەویێت و ژمارەیەك کلانشیکۆف و سەمینۆف وەردەگرێت[3].

قاڵبوونەوەی کێشە و ململانێییەکانی لایەنەکان بە تایبەت بەرەی (جوقد) و بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عیراق (جود)[4]، کاریگەری کردە سەر ئەوەی هەردوو حکومەتی سوریا و لیبیا هەوڵەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکان، بۆ ئەوەی لە ناو بەرەیەکی فراوان کۆیان بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکان ڕووبەڕووی کۆسپ هاتنەوەی بەهۆی ناکۆکییەکان نێوان هێزەکان بە گشتی و پارتی و یەکێتی بە تایبەتی. ئیتر بۆ ئەو مەبەستە چەند کۆبوونەوەیەك لە شام و لیبیا ئەنجام دران، کەچی لە دواجار هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبوون و بەرەکەش لە دایك نەبوو[5].

لە لایەکی دیکەوە، هاتنە پێشەوەی ڕووداو پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانی عیراق بە تایبەت چڕبوونەوەی ململانێیە نێوخۆییەکان بە تایبەت لە نێوان یەکێتی و لایەنەکانی بەرەی (جود)، وای کردبوو یەکێتی لە ڕێگایی وڵاتانی هاوپەیمانەوە بە تایبەت سوریا و لیبیا بارودۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە ببات. لەم بارەشەوە (جەلال تاڵەبانی) لە نامەیەکدا

---

کوردستانیەکانیش تەنها یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان بەشداربوون. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان– عیراق ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠–٢ی ئابی ١٩٩٠ (توێژینەوەیەکی مێژوویی– سیاسییە)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل ١٨.

(١) عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل ١٨٧.

(٢) صلاح الخرسان، التیارات السیاسیة...، ص ٣٩٧؛ دیڤید ماکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی: ئەبوبەکر خۆشناو، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٧١٧.

(٣) عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل ٢٤٣.

(٤) بەرەی نیشتمانی دیموکراتی عیراق (جود)، دوای دامەزراندنی (جوقد) لە ناوەوە کوردستان پارتی کۆمۆنیستی عیراق و حزبی سۆسالیستی کوردستان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بە کۆبوونەوە کرد بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی تر، ئەنجام لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا بە سێ قۆڵی پەیمانی هاوکارییان مۆرکرد و بەرەی (جود)یان دامەزراند. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستان– عیراق...، ل ٢٧ بە دواوە.

(٥) لە ٦ی شوباتی ١٩٨٣ لە پایتەختی کۆماری لیبیا(تەرابلس) نوێنەرانی ١٩ ڕێکخراوی کوردستانی وعیراقی کۆبوونەوە، کە پێك هاتبوون لە: بزووتنەوەی ئیشتراکی عەرەبی،حزبی ئیشتراکی عەرەبی ،حزبی سۆسیالیستی کوردستان_عیراق، حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی _سەرکردایەتی هەرێمی عیراق، ڕێکخراوی سوپای ڕزگارکردنی میللی عیراق، پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، یەکێتی دیموکراتی یەکبوونی ئیشتراکییەکان، یەکێتی دیموکراتی کوردستانی، کۆنگرەی گەلی عیراق، پارتی کۆمۆنیستی عیراق، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانی عیراق، بزووتنەوەی پێشڕەوی دیموکراتی عیراق، کۆنگرەی نەتەوەییەکانی ئیشتراکی، پەلەکانی شۆڕش عیراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕێکخراوی تورکمانە دیموکاتییەکان، پارتی کاری ئیشتراکی عیراق. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: فاتح رسول، صفحات من تأریخ کفاح الشعب الکوردي، ترجمة وتقدیم: کمل غمبار، الجزء الثالث، مطبعة شفان، السلیمانیة، ٢٠٠٦، ص ١٣٦– ١٣٨.

بۆ کاربەدەستانی سووریو بۆ (خالید بەگداش) سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی سووریو بۆ (نایف حەوتمە) سکرتێری گشتی بەرەی دیموکراتی فەلەستینی داوایی لێکردوون ناوبژێوانی لە نێوان ئەوانو پارتی کۆمۆنیستی عیراق بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی هەوڵەکان بۆ ئارام بوونەوە پارتی لەگەڵدا نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو[1]. ئیتر یەکێتی لە پەیامێکیدا بۆ هەڤاڵانی لە دەرەوە لە شام باری خۆیی بەم شێوەیە باس بکات: **"ئێمە لە ٣ لاوە لە شەڕەوە گلاوین، هەولی زۆرمان داوە لەگەڵ جود پیک بیین، سەری نەگرتووە. لەگەڵ سوریاو لیبیاو فەلەستینییەکان هەوڵ بدەن شەری ئیمەو جود رابگرنو ئیران تینمان بۆ نەهینی، ئەگینا ناچارین خۆمان هەوڵ بدەین شەڕ لەگەڵ عیراق رابگرین"**[2].

لە ڕاستیدا، بەردەوامی قەیرانەکانی یەکێتیو خراپی باری حکومەتی عیراق هەردوولای ناچار بە دانوستان کردووە، ئەنجام دانووستانەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ دەستی پێکرد. دەست پێکردنی دانوستانەکان لەم ئانو ساتە پڕ لە ململانێیەی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستانو، عیراقو ناوچەکە، گومانی تیادا نییە هەڵوێستی جیاوازو کاردانەوەی زۆری لێدەکەوێتەوە. لێرەشدا بەر لەوەی هەنگاوەکانی دەست پێکردنی دانوستانەکان بچێتە قۆناغی فەرمییەوە، پەیوەندییەکانی یەکێتیو ڕژێمی بەعس بە گومانو بە شێوەی جیاواز باسی لێوە کراوە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەی دانوستانەکان دەچێتە قۆناغێکی فەرمییەوەو، یەکێتی بڕیاری شەڕ ڕاگرتنی خۆی لەگەڵ بەعسدا ڕادەگەیەنێو، ڕژێمیش وەڵامی ئەو هەنگاوەی دەداتەوە، هەڵوێستو کاردانەوەکان شێوازێکی دیکەی بە خۆیەوە دەبینێ[3].

بەرەی(جوقد)، کە یەکێتی یەکێك بوو لە لایەنە سەرەکییەکانی، هەر زوو ئەو هەنگاوەی بە خیانەت وەسف کردو، لە بەیاننامەیەکدا لە ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێو ئەندامێتی یەکێتی لە بەرەکەدا هەڵپەسارد، هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمان ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی یەکێتیو ڕژێم نین، کە لە ڕاستیدا پێشێلکارییە لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی (جوقد)دا[4]، دوا بەدوای ئەوەش هەر بەوەندە نەوەستا، بەڵکو لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ بڕیاری دەرکردنی یەکێتی یان لە ئەندامێتی(جوقد) ڕاگەیاند[5].

هەرچی تایبەتدارە بە هەڵوێستی سوریا لە بەرانبەر دانوستاکانی یەکێتیو ڕژێمی بەعس،. ئەوە هەر لەسەرەتاوە وەکو پاڵپشتیکاری یەکێتی لە دوای دامەزراندنییەوە، بە هەواڵەکە نیگەران دەبێت، ئەمەش گوایە لەبەر ئەوەیە یەکێتی لە پێشتر لەم بارەیەوە ئاگاداری نەکردۆتەوە، بۆیە وەکو هەڵوێستو کاردانەوەیەك بەرانبەر بە دانوستان، کادیرانی یەکێتی لە وڵاتەکەی تەنگاو دەکاتو[6]، وەدەریان دەنێت. بەمەش پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیدا دەبێتە پەیوەندییەکی دوژمنکارانەو تا دوای کۆتایی هاتنی دانوستانەکان ئاسایی نابێتەوە.

هاوکات لەگەڵ بوونی ناکۆکی نێوان سوریاو یەکێتی نیشتمانی کوردستان. لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٤ شاندێکی بەرەی (جود) بە سەرۆکایەتی (مەسعود بارزانی)و بە بەشداری (ڕەسول مەمەند)و (فەخری کەریم زەنگەنە) چاویان بە (حافز ئەسەد) دەکەوێتو باس لە بارودۆخی ناوچەکەو پێشهاتە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عیراق

---

(١) عەلی تەتەر، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد...، ل ٣٢٣.

(٢) نەوشیروان مەستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل ٣٣٢.

(٣) ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، بارودۆخی کوردستان لە ماوەی دانوستانەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو ڕژێمی بەعسدا (١٩٨٣-١٩٨٥) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری الاستاذ، ژمارە (١١٣)، زانکۆی بەغدا کۆلێژی پەروەردی ئیبن روشد، ٢٠١٠، ل ٥٣٨.

(٤) بیان( جوقد):"حول المفاوضات المذلة التي اقدم عليها الاتحاد الوطني الكردستاني مع النظام الفاشي في العراق"، في ٢٥ كانون الاول ١٩٨٣. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٥).

(٥) بیان( جوقد) تصريح الصحفي،" حول طرد الاتحاد الوطني الكردستاني من الجبهة الوطنية الديمقراطية"، ١٩٨٤/١/٢٣.

(٦) ڕێباز، قەندیل بەغدا هەژاند، بەشی یەکەمو دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەندە، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٨٩.

